kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK

# وەرگێڕان

## (translation)



ئامادەکردنی: **دیاکۆی هاشمی**

http://yageyziman.com/wergerran.htm

evinebook.blogfa.com

١. زانستی وەرگێڕان، بەشی یەکەم

٢. زانستی وەرگێڕان، بەشی دووەم

٣. زانستی وەرگێڕان، بەشی سێیەم

٤. زانستی وەرگێڕان، بەشی چوارەم

٥. زانستی وەرگێڕان، بەشی پێنجەم (کۆتایی)

٦. وەرگێڕانی باش

# زانستی وەرگێڕان (1)

## پێشەکی

وەرگێڕان واتە وەرگەڕاندنی دەقێک یان وتەیەک لە زمانی دەستپێکەوە بۆ زمانی مەبەست بە جۆرێ کە کاریگەریی زمانی دەستپێک لە خوێنەر یان بیسەری زمانی دەستپێک بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر یان بیسەری زمانی مەبەست.

لەڕاستیدا وەرگێڕان دەبێ بەبێ بچووکترین خستنەسەر یان لابردنێک بێت، بەڵام ئەوە تەنها لایەنی هزرییە، چونکوو پێکهاتەی زمانەکان پێکەوە جیاوازییان هەیە و وەرگێڕ ناچار دەبێ دەستکاری بکا لە وەرگێڕانەکاندا.

## زمانی سەرچاوە یان زمانی مەبەست؟

ئاخۆ وەرگێڕان دەبێ لە زمانی دەستپێکەوە نزیک بێت یان لە زمانی مەبەست؟ ئایا نووسەر گرنگە یان گوێگر و خوێنەر؟ ئایا ئەمینداریێتی گرنگە یان خۆماڵیکردنی نووسینەکان؟ ئایا چ دەقێک زیاترین دەستتێوەردانی تیا بکرێ؟ و کۆمەڵێ پرسیاری تر...

بۆ لێوردبوونەوە و تاووتوێکردنی هەموو ئەو کێشانە زانستی (وەرگێڕانزانی translatology) بەدی هاتووە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر بایەخ بە وەرگێڕان دەدرێ و سەدان کۆڕ وکۆمەڵ و کۆبوونەوەی لەسەر دەگیرێ و گۆڤار و پەرتووک و بەرنامە و نامیلکە و وتار و بابەتی لەسەر بڵاو دەکرێتەوە.

کارێ کە وەرگێڕ دەیکا لە کاری نووسەرێ کەمتر نییە و ئەرکێکی زۆر گرنگ بەڕێوە دەبات.

وەرگێڕان دەبێتە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ جیهانی دەرەوە و هاوکات کۆمەڵێ وشە و زاراوەی نوێ دێتە ناو زمانەکەوە.

وەرگێڕان زانستێکی سەربەخۆ و خاوەن یاسا و ڕێسای تایبەتمەندی خۆیەتی. لە یەکەم هەنگاودا دەتوانین دابەشی کەینە سەر دوو جۆر:

1. وەرگێڕانی زاری (interpretation) کە دوو جۆری سەرەکیی هەیە:

**وەرگێڕانی هاوکات.**

**وەرگێڕانی ناهاوکات.**

2. وەرگێڕانی نووسراوی (translation) کە چەند جۆری هەیە:

**وەرگێڕانی وشەبەوشە.**

**وەرگێڕانی ڕستە.**

**وەرگێڕانی ئازاد.**

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK


**(وەرگێڕانی زاری interpretation)**

**وەک لە ناوەکەیەوە دیارە وەرگێڕانی زاری وەرگێڕانێکە کە بە شێوەی زیندوو و بە پەلە دەکرێت. هاوکات کە وتەر قسە دەکات وەرگێڕەکە دەبێ وتەکان وەرگێڕێتەوە. بەپێچەوانەی وەرگێڕانی نووسراوی، لە وەرگێڕانی زاریدا کات کەمە، هەموو شتەکان بەخێرایی دەچنە پێشەوە و بەکارهێنانی ئامێرە یارمەتیدەرەکان وەکوو فەرهەنگنامە ئەستەمە.**

**بەستە بەوەی کە لە چ زمانێکەوە وەرگێڕان دەکرێت، شێوەی وەرگێڕانەکە دابەش دەکرێ بەسەر:**

**وەرگێڕانی هاوکات**

**وەرگێڕانی ناهاوکات**

**بۆ ڕوونکردنەوە سەیری پێکهاتەی ڕێزمانیی زمانی ئینگلیزی بکەن:**

| I | wrote | a letter. |
|---|---|---|
| S | V | O |

**کە لێرەدا (S = بکەر)، (V = کار) و (O = بەرکار)ە.**

**دەبینین کە زمانی ئینگلیزی ڕیزبوونی بنەمایی (SVO) ی هەیە، واتە لە پێشدا بکەر، پاشان، کار و دوایی بەرکار دەنووسرێت.**

**لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی بنەمایی وەکوو زمانی ئینگلیزی نییە و بەڵکوو بەشێوەی (SOV)ە واتە لەپێشدا بکەر، پاشان بەرکار و دوایی کار دێت:**

| من | نامەیەکم | نووسی. |
|---|---|---|
| S | O | V |

**زمانی فارسیش ڕیزبوونی بنەماییەکەی وەکوو زمانی کوردی واتە (SOV)ە.**

| من | نامەای | نوشتم. |
|---|---|---|
| S | O | V |

evinebook.blogfa.com

ئێستە ئەگەر وەرگێڕێک بێت و بییەوێ بەشێوەی زاری و خێرا لە زمانی ئینگلیزییەوە وتەیەک بکاتە کوردی، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی تەواو بداتە دەستەوە دەبێ بوەستێ تا قسەبێژەکە ڕستەکەی تەواو بکا کە زۆرجار پتر لە ڕستەیەکە و دەبێ لە مەبەستەکە بەتەواوی تێ بگا، ئینجا دەست بکاتە وەرگێڕان. واتە ئەو کاتە بەشێوەی ناهاوکات وەرگێڕان دەکات و پاش وەستانێکی قسەبێژەکە وەرگێڕانەکەی تەواو دەکات.

بەڵام ئەگەر بێت و لە زمانی فارسییەوە وەری بگێڕێ دەتوانێ هاوکات وەرگێڕان بکات، چونکوو ڕیزبوونی دوو زمانی فارسی و کوردی لەسەر یەک شێوە ڕیزبوونە و پێویست ناکات چاوەڕوان بێت تا لە تەواوی مەبەستەکە تێ بگات، تەنها بە تۆزێ جیاوازیی کات وەرگێڕانەکەی تەواو دەکات.

بەمجۆرە دەبینین ئەگەر پێکهاتەی ڕیزبوونی زمانی دەستپێک و زمانی مەبەست وەکوو یەک بن، وەرگێڕانی زارییەکە بەشێوەی (وەرگێڕانی هاوکات) دەکرێت.

بەڵام ئەگەر پێکهاتەی ڕیزبوونی زمانی دەستپێک و زمانی مەبەست وەکوو یەک نەبن، وەرگێڕانی زارییەکە بەشێوەی (وەرگێڕانی ناهاوکات) دەکرێت.

**شارەزایی لە بوارەکە**

وەرگێڕانی زاری یان ڕاستەوخۆ یەکێک لە سەختترین شێوازەکانی وەرگێڕانە، چونکوو وەرگێڕ دەبێ بێ گتکردن و وەستان، خێرا خێرا بۆ هەر دوو زمانەکە وەرگێڕان بکات. بۆ ئەم کارە وەرگێڕەکە پێویستە شارەزاییی باشی لە هەر دوو زمانەکە هەبێت و هەروەها شارەزاییی باشیشی لە بابەتەکە هەبێت کە وەرگێڕانی لێ/ بۆ دەکات. بوارەکان و پسپۆڕییەکان زۆر سنووردارن و کەسێ کە لە بوارێکی گشتیدا وەرگێڕان دەکات ڕەنگە نەتوانێ لە دادگایەک یان لە نەخۆشخانەیەک وەرگێڕان بکات، چونکوو بۆ نموونە ئەو دوو شوێنە کۆمەڵێک چەمک و وشە و دەستەواژەی تایبەت بە بواری خۆیان هەیە کە ئەگەر کەسێک لەوانە شارەزاییی نەبێ، ڕەنگە ئەو وشانەی هەر بەر گوێ نەکەوتبێت، بۆیە گرنگە لە پێشدا لە بوارەکەدا شارەزاییی هەبووبێ.

جاری وایە لە زمانێکدا ڕەنگە زاراوەیەک یان چەمکێک بۆ مەبەستێکی تایبەتی بوونی هەبێت، بەڵام بەرانبەرەکەی لە زمانێکی تردا هەر نەبێت، بۆیە گرنگە وەرگێڕ چێژی "زاراوەسازی و وشەسازی"ی هەبێت تا بتوانێ لە کاتی پێویستدا وشەیەک یان زاراوەیەک یان چەمکێک بەرانبەر بەوەی لە زمانی سەرچاوەدا هەیە دابنێت، کە بتوانێ بۆ خێرایی کارەکەی لە وەرگێڕانەکەیدا بەکاری بهێنێ و وشەداهێنراوەکەش نابێ هێندە لای گوێگری زمانی مەبەست نامۆ بێت کە بحەپەسێت.

بۆ نموونە لە دەزگای کۆچبەریی سویددا، کۆمەڵێ چەمک و زاراوەی تایبەت بە کۆچبەری بەکار دەچن کە ڕەنگە لە کوردستان یان تەنانەت لە ئێران و ئێراقیشدا بەرانبەرەکەیان بوونیان نەبێت، وەرگێڕ دەبێ هێندە بەتوانا و بەسەلیقە بێت کە چەمکی پڕبەپێستیان بۆ بدۆزێتەوە. جاری واشە لە وشە داهێنراوەکە کەس تێ ناگات، چونکوو بوارەکە هێندە تایبەتە ڕەنگە لە زمانی سەرچاوەشدا کەسێکی ئاسایی کە سەرقاڵی ئەو بوارە نەبێت لێی تێ نەگات، بەڵکوو پێویستی بە لێکدانەوەیەک هەیە، نموونەی ئەو چەمکانە ئەو زاراوانەن کە بۆ بواری پەنابەری بەکار دەچن کە تەنانەت هەندێ جار سویدییەکی ئاسایی لە وشە سویدییەکە تێ ناگات، چ نەخوازەڵڵا وەرگێڕێک بیەوێ خۆی وشەیەک بەرانبەریان دانێ و چاوەڕێ بێت پەناخوازێکی کورد لەوانە تێ بگات. نموونەی ئەو چەمکانە ئەمانەن:

جاڕی پلەی پەنابەری / ڕاگەیاندنی پلەی پەنابەری flyktingstatusförklaring

جێگرەوەی جاڕی داڵدە / جێگرەوەی ڕاگەیاندنی پاراستن Alternativ skyddsstatusförklaring

دیارە نە سویدییەک و نە کوردێکیش کە یەکەم جار ئەوانە ببیسن لە مەبەستەکان تێ ناگەن، مەگەر ئەوەی کە کاربەدەستەکەی دەزگای کۆچبەری مەبەستەکە ڕوون بکاتەوە. چونکوو ئەوانە زاراوەی بواری کۆچبەرین لە وڵاتی سویددا و ئەو وشانە هەرچەندیش بەدروستی بە فارسی یان عەرەبی یان کوردی بەدوای یەکدا ڕیز بکرێن و وەربگێڕدرێنەوە، هێشتاش هەر لەلای گوێگرەکان نامۆن، بەڵام وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆدا دەبێ بەرانبەر بەوانە وشەی هەبێ تا وەرگێڕانەکەی پەکی نەکەوێت، جا ئەگەر گوێگرەکە تێ نەگەیی ئەرکی سەرشانی خۆیەتی داوا لە کاربەدەستەکە بکات کە ئەو چەمکانە ڕوون بکاتەوە تا ئەو تێیان بگات.

بۆ دانانی وشەی بەرانبەر ئەو چەشنە دەستەواژانە، وەرگێڕەکە دەبێ بەباشی لە یاسا و ڕێساکانی پەنابەریی سوید تێ گەیشتبێ و بەباشی بزانێ مەبەست چییە تا بتوانێ بەرانبەری گونجاو بدۆزێتەوە و لە کارەکەیدا بەکاری بهێنێ.

لە وڵاتە ئورووپاییەکان بۆ نموونە لە سویددا، کۆمەڵێ بنکەی جۆربەجۆری وەرگێڕان هەیە کە گەلێ وەرگێڕ لەو شوێنانەدا کار دەکەن، جاری وایە وەرگێڕەکان لەلای بەکارهێنەران ئامادەن و جاری واشە لە دوورەوە، لە ڕێی تەلەفۆن یان ڤیدیۆوە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ یان زاری دەکەن، چاو لەم بەستەرە بکەن کە نموونەی بنکەیەکی وەرگێڕانە لە سوید کە وەرگێڕەکانی لەنێو نووسینگەیەکی گەورە دانیشتوون و تەنیا لەڕێی تەلەفۆن یان ڤیدیۆوە کاری وەرگێڕان دەکەن لە نێوان زمانی سویدی و کۆمەڵێ زمانی تر بۆ وێنە عەرەبی، کوردی، فارسی، دەری، ڕووسی، سۆمالیایی و هتد:

وەرگێڕی ڕاستەوخۆ TolkDirekt

http://www.youtube.com/watch?v=_Y8nik8_6KI

**چڕیی هزر**

لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ یان زاریدا، وەرگێڕ دەبێ تەنانەت بۆ چرکەیەش هزری لە بابەتەکە دانەبڕێ، چونکوو هەر کە شیرازەی بابەتەکەی لێ بپچڕێت کاری وەرگێڕانەکەی تێک دەچێت و بگرە وەرگێڕانێکی بەپێچەوانە بداتە دەستەوە. جاری وایە وەرگێڕەکە ناچارە گوێ لە چەند ڕستەیەک بگرێ پێش ئەوەی بتوانێ دەست بکات بە وەرگێڕان، بۆیە دەبێ توانای چڕیی هزر و وەبیرهێنانەوەی خۆی گەشە پێ بدات، جاری واشە دەتوانێ کەڵک لە وشەی کلیلی وەرگرێ و لە کاتی گوێگرتندا ئەو وشە کلیلییانە بنووسێتەوە و بۆ ئەوەی ڕستەکانی بێتەوە بیر. لەم ڤیدیۆیەدا ڕوونکردنەوەی باش لەسەر ئەو مەبەستە دراوە:

خولی فێرکاری بۆ وەرگێڕانی زاری، بە ئینگلیزی

http://www.youtube.com/watch?v=1Z-AmvDMDN8

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK



وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە پێش لە دەستپێکردنی وەرگێڕانەکە، وەرگێڕەکە دەبێ بە هەر دوو زمانەکە خۆی بە لایەنەکان بناسێنێ، باسی بێلایەنیی خۆی لە وەرگێڕانەکە بکات و هەروە باسی ئەرکە گرنگەکەی خۆی بکات کە "ڕازپارێزی" و "نەدرکاندنی باسەکانیان لەملا و لەولایە" بۆ ئەوەی هەر دوو لایەنەکە دڵنیا بکاتەوە کە "بێلایەنی" و "ڕازپارێزی" لای ئەم گرنگە و بایەخی تایبەتیی پێ دەدرێت، کەوا بێت، وەرگێڕەکە دەبێ پێش لە دەستپێکردنی وەرگێڕانەکەی، ئەم خاڵانە بە هەر دوو زمانەکە، دووپات بکاتەوە:

١. خۆناساندن.

٢. دەربڕینی "بێلایەنی"ی خۆی.

٣. ئاگادارکردنەوە لەوەی کە "ڕازپارێز"ە و "ئەرکی نەدرکاندن"ی لەسەر شانە.

٤. دەستنیشانکردنی ئەوەی کە هەمیشە لە زمانی یەکەم کەسەوە قسە دەکات.

هەروەها وەرگێڕەکە لە کاتی وەرگێڕاندا دەبێ جۆرێک دانیشێ کە دوو کەسەکە بەباشی یەکتر ببینن، هەروەها وەرگێڕەکە نابێ لە وەرگێڕاندا سەرنجی کەسەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵکوو دەبێ تەنیا دەنگێک بێت لەوێ وەک کەسێکی نادیار. واتە وا هەڵسوکەوت بکات کە دوو لایەنەک بەس چاو لە یەکتر بکەن و ڕوو بکەنە یەکتر نەک وەرگێڕەکە.

هەروەها وەرگێڕەکە دەبێ لە کاتی وەرگێڕاندا هەمیشە لە زمانی یەکەم کەسەوە وەرگێڕان بکات و بۆ نموونە نابێ لە کاتی وەرگێڕاندا بڵێ: "ئەم دەڵێ: ناوت چییە؟" بەڵکوو لە زمانی پرسیارەکەرەکەوە ڕاستەوخۆ پرسیار دەکات و دەبێ بڵێ: "ناوت چییە؟"

ئەگەر وەرگێڕەکە پیاو بێت و وەرگێڕان بۆکراوەکە ژن بێت و بڵێ: "دوکتۆر، من دووگیانم."، وەرگێڕەکە نابێ بڵێ: "دوکتۆر، ئەم دەڵێ دووگیانم"، بەڵکوو دەبێ ڕاستەوخۆ لە زمانی ژنە سکپڕەکەوە بڵێ: "دوکتۆر، من دووگیانم."

لەم ڤیدیۆیەدا باس لە تەکنیکی وەرگێڕان و چۆنێتیی دانیشتن و قسەکردنی وەرگێڕەکە دەکرێت لە نێوان وەرگێڕان بۆکراوەکاندا: http://www.youtube.com/watch?v=3wg-qZjMhU4

evinebook.blogfa.com

**وەرگێڕانی نووسراوی translation**

**وەرگێڕ لە وەرگێڕانی نووسراویدا کاتێکی زۆری بەدەستەوەیە و دەتوانێ لە ئامێرە یاریدەدەرەکانیش کەڵک وەرگرێ.**

**یەکەی وەرگێڕان**

**وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بڕگەیەک لەو بابەتەی دەیەوێ وەری گێڕێ لەبەرچاو دەگرێ و بە تێگەیشتن لەوە کە پێی دەوترێ (یەکەی وەرگێڕان) خێرا دەست دەکات بە وەرگێڕان. یەکەیەکی وەرگێڕان دەتوانێ وشە، ڕستە یان دەستەواژە (عبارة) بێت و لانیکەم پێک هاتووە لەو سێ قۆناغەی خوارەوە:**

**ئەلف: وەرگێڕانی وشەبەوشە**

**یەکەی وەرگێڕان لەم قۆناغەدا وشەیە و بۆ هەر وشەیەکی دەقی زمانی دەستپێک، وشەیەک لە زمانی مەبەست دەهێنرێتەوە. ئەم قۆناغە بۆ وەرگێڕانی گەلێک وشەی لێکدراو و نیمچەوشە بەکار دەبرێت کە هاوتایەکی کوتومتیان لە زمانی مەبەستدا نییە.**

**بۆ نموونە:**

**قووڵە پێکهاتە** deep structure

**ڕووە پێکهاتە** surface structure

**لەو نموونانە دەبینین کە وەرگێڕانی وشەبەوشە گونجاو و لەبارە، بەڵام لە ڕستەیەکی وەکوو:** ( He gave me a book to read) **ئەگەر بێت و وشەبەوشە وەری گێڕین دەبێ بنووسین: (ئەو دای بە من کتێبێک بۆ خوێندن) کە دیارە ئەمە داسەپاندنی ڕیزبوونی وشەی زمانی دەستپێکە بەسەر زمانی مەبەستدا (کە لێرە کوردییە)، چونکوو لە زمانی کوردیدا ئێمە وا وشەکان ڕیز ناکەین بەڵکوو دەڵێین: (ئەو کتێبێکی دا بە من بۆ خوێندن).**

یان ئەگەر بێت وشەبەوشە ڕستەی (He kicked the bucket) وەرگێڕین دەبێ بڵێین: (ئەو لەقەی دا لە سەتڵەکە) کە بێگومان ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی نوێی ترە کە مەبەستی نووسەر نییە، نووسەر مەبەستی ئەمە بووە: (ئەو مرد).

یان ئەگەر بۆ (اكتب الرسالة) بنووسین (دەنووسم نامەکە) ئەوە شێوەی ڕیزبوونی زمانی عەرەبیمان سەپاندووە بەسەر زمانی کوردیدا چونکوو ئێمە دەڵێین: (نامەکە دەنووسم).

بۆیە دەبێ وریا بین چ شێوە وەرگێڕانێ هەڵدەبژێرین.

## ب: وەرگێڕانی ڕستە

یەکەی وەرگێڕان لەم قۆناغەدا ڕستەیە. لەم وەرگێڕانەدا ڕێزمان و شێوەی ڕیزبوونی وشەی زمانی مەبەست (واتە ئەو زمانەی وەرگێڕانی بۆ دەکەین) لەبەرچاو دەگیرێ. چەمک (مفهوم)ی ڕستەی بەرانبەر بەگوێرەی چەمکی ڕستەی زمانی دەستپێک لەبەرچاو دەگیرێ.

بەمجۆرە ڕستەکانی دەقی زمانی دەستپێک بە پاراستنی واتای دانەبەدانەی وشەکان وەردەگێڕدرێتەوە سەر ڕستەیەک لە زمانی مەبەستدا.

## پ: وەرگێڕانی ئازاد یان سەربەست

لەم قۆناغەدا یەکەی وەرگێڕان دەستەواژە یان پاراگرافە. پەیامی دەقی زمانی دەستپێک لە کۆمەڵێ ڕستە لە زمانی مەبەست دەخرێتە بەردەست. لەم وەرگێڕانەدا خستنەسەر و لابردن و دەستتێوەردان بەو پەڕی خۆی ڕێپێدراوە.

**وەرگێڕانی پێوەندی و وەرگێڕانی واتایی**

**لە ڕەوتی وەرگێڕاندا وەرگێڕ لەگەڵ دوو زمانی دەستپێک و مەبەست تووشە. هەوڵی ئەوەیەتی خوێنەر لە وەرگێڕانەکەی تێ بگا و هاوکات پەیامی نووسەرەکەش دەستی تێ وەرنەدرێ.**

**وەرگێڕ جارێک بە لای زمانی دەستپێک با دەداتەوە کە پێی دەوترێ (وەرگێڕانی واتایی semantic translation). لەم شێوە وەرگێڕانەدا هەوڵ دەدا تا بۆی دەکرێ پەیامەکە دەسکاری نەکا و وەک خۆی بیهێڵێتەوە، ئەو کاتە ئەو مەترسییە هەیە کە زاراوە و پێکهاتەی وا بێنێتە ناو زمانی مەبەستەوە کە خوێنەر لێی تێ نەگا و پێی نامۆ بێت.**

**جارێکیش بە لای زمانی مەبەست با دەداتەوە کە پێی دەوترێ (وەرگێڕانی پێوەندی communicative translation). لەم شێوە وەرگێڕانەدا هەوڵی ئەوەیەتی تا بۆی دەکرێ دەقەکە بۆ خوێنەری زمانی مەبەست هۆگر و خۆماڵی بکا، ئەو کاتە ئەو مەترسییە هەیە کە دەقە وەرگێڕدراوەکە بەتەواوەتی وتەی نووسەرەکە نەبێ.**

**بۆ ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانە بکەن:**

(She looks like a red rose.)

**وەرگێڕانی واتایی: (لە گوڵی سوور دەچێ.)، لێرە بیر لە زمانی دەستپێک کراوە.**

**وەرگێڕانی پێوەندی: (دەڵێی مانگە.)، لێرە بیر لە زمانی مەبەست کراوە.**

(More catholic than the pope)

**وەرگێڕانی واتایی: (کاتۆلیکتر لە پاپ). لێرە بیر لە زمانی دەستپێک کراوە.**

**وەرگێڕانی پێوەندی: (باوکمردوو دەسوکنا، نان و گۆشتخۆر دەیوت سەری دەکەمە کونا). لێرە بیر لە زمانی مەبەست کراوە.**

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK

ئەو نموونانە گوڵچنێکن لە دەستەواژەی چوێنراوی (تشبیهی) و زاراوەی وا کە دەتوانن کاربردی وەرگێڕانی پێوەندی پاسا بدەنەوە. هەرچەند وەها پاسادانەوەیەک ڕەبەق نییە. چونکوو زێدەڕۆیی لە وەرگێڕانی پێوەندی دەتوانێ ببێتە هۆی سڕینەوەی بۆنوبەرامەی فەرهەنگیی زمانی دەستپێک.

evinebook.blogfa.com

## تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕ

1. لە ناخەوە خاوەنی بەهرە و چێژی وەرگێڕان بێت کە بە ڕاهێنان و فێربوونی یاسا و ڕێساکانی وەرگێڕان زیاتر گەشە دەستێنێ.
2. شارەزاییی لە زمانی دەستپێک و زمانی مەبەستدا هەبێت و هەروەها لێهاتوو بێت لە بواری ڕێزمان و واژەگۆڕی و ڕۆنانی وشە.
3. شارەزاییی لەو بابەتەدا هەبێت کە وەری دەگێڕێ، بۆ نموونە ئەگەر بابەتێکی فیزیا وەردەگێڕێ دەبێ شارەزاییی لە بواری فیزیادا هەبێ و ئەگەر بابەتێکی کۆمپیۆتەر وەردەگێڕێ دەبێ شارەزای بواری کۆمپیۆتەر بێت.
4. هەر دەم هەوڵ بدات نوێترین فەرهەنگ و وشەنامە جۆربەجۆرەکان گیر بێنێ و تا بۆی دەکرێ تێکەڵی کەس و کۆڕی وا بێت کە شارەزایی یان حەزیان لە کوردەوانی هەیە.
5. لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکاندا بابەت بخوێنێتەوە و واتای هەموو وشەیەک بەوردی تێ بگات و هەوڵ بدات بە کوردی واتاکەی بدۆزێتەوە، بەتایبەت خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و گوێگرتن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن زۆر بەسوودە، چونکوو لەو شوێنانەدا زیاتر هەست بە ئاڵوگۆڕی زمان دەکرێ و وشەی نوێ دەخرێتە بەردەست.
6. لە تەجروبە و ئەزموونی نووسەران و وەرگێڕان چ کورد و چ بێگانە کەڵک وەرگرێ. گەلێک وتار و نووسراوە و پەرتووک لە بواری وەرگێڕان بە زمانە جۆربەجۆرەکان نووسراوە کە دەکرێ سەرچاوەیەکی باش بن بۆ وەرگرتنی ئەزموون.
7. هەوڵ بدات بەراوردی ئەو بەرهەمانەی وەرگێڕدراونەتە کوردی لەگەڵ زمانی دەستپێکیاندا بکات. زۆر بەرهەم لە ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسایی، سویدی، نەرویجی، دانیمارکی، ئیتالی، ڕووسی، تورکی، عەرەبی، فارسی و هتد کراونەتە کوردی کە دەکرێ تەجروبەی باشیان لێ وەرگیرێ.
8. لە سەرەتادا هەوڵ بدات دەقی کورت وەربگێڕێ. زۆر ئاساییە کە وەرگێڕانەکەی کرچوکاڵ بێت. بێگومان وردەوردە باشتر و باشتر و بەپێزتر و پاراوتر دەبێت.
9. هەوڵ بدات لە کاتی نووسیندا ڕەچاوی یەک شێوە ڕێنووس بکات. وشەیەک لە چەند شوێندا بە چەند جۆری جیاواز نەنووسێت.

10. بێگومان زانینی زمانی زیاتر ئاستی لێهاتوویی و کارامەییی مرۆڤ لە زمانەوانیدا دەباتە سەرەوە.

ژێدەرەکان:


- ✓ هفت گفتار درباره ترجمه، چاپ چهارم 1380، کورش صفوی.
- ✓ وەرگێڕان هونەرە، د. جەمال نەبەز، چاپخانەی ژین، 1958 سلێمانی.
- ✓ پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، کەمال جەلال غەریب، سوید 1991

# وەرگێڕانی باش

## پێشەکی

وەرگێڕان یەکێک لە کارە هەرە سەخت و ئەستەمەکانە چونکوو پێویستی بە لێزانی، کارامەیی و وردبینییە. ئەم کارە هێندە ئاڵۆز و هەستیارە کە ئیتالیاییەکان لە کۆنەوە وتوویانە: "ترادووتۆرێ - ترادیتۆرێ" (traduttore–traditore) واتە: (وەرگێڕ - خایین)ە. دیارە ئەمە لەبەر گرنگیی ئەرکەکە وتراوە، چونکوو هەستیاریی ئەوە کاتێ دەردەکەوێت کە بە کردەوە دەست بکەیت بە وەرگێڕان لە دۆخە جۆربەجۆرەکاندا.

وەرگێڕان دوو جۆری سەرەکیی هەیە: زاری و نووسراوی. زاری خۆی دابەش دەبێتە سەر چەند شێوازێک و بە ئەستەمترین شێوازی وەرگێڕان هەژمار دەکرێت. لە ئورووپا زۆر بایەخ بە وەرگێڕانی زاری دەدرێت و ڕێسا و یاسای زۆر تایبەتی بۆ دانراوە. هیوادارین لە وتارێکی تایبەتیی تردا بتوانین لەو یاسا و ڕێسایانە بدوێین.

لەم وتارەدا، بەگشتی هەوڵ دەدەین ئاماژە بکەینە هەندێ خاڵی گشتی بۆ وەرگێڕانێکی باش.

## زمانی سەرچاوە یان زمانی مەبەست؟

وەرگێڕ هەمیشە لە شەڕێکی دەستەویەخەدایە کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک با بداتەوە بە لای (زمانی سەرچاوە source language) یان (زمانی مەبەست target language)دا.

* باشترین وەرگێڕان ئەوەیە کە هیچ وشە و مەبەستێکی زمانی سەرچاوە لەبیر نەکرێت و نەقرتێنرێت، بەڵام هاوکات لە وەرگێڕاندا ڕێزمان و پێکهاتەی زمانی مەبەست لەبەر چاو بگیرێت.

* باشترین وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕانێکی ئازاد نەبێت چونکوو لە وەرگێڕانی ئازاددا مەبەستی نووسەری زمانی سەرچاوە دەشێوێنرێت و وەرگێڕ وشەی خۆی تێکەڵ دەکات، بەڵکوو وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە بکرێت و مەبەستی ڕستەکە وەربگێڕدرێتەوە.

لە ڕستەدا نابێت کەڵک لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بگیرێت، چونکوو پێکهاتەی زمانەکان جیاوازن و شوێنی وشەکان لە ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK

**چەند ڕێنوێنییەک بۆ وەرگێڕانێکی سەرکەوتووتر:**

١. هەوڵ بدە بۆ زمانێک وەرگێڕان بکەی کە لە منداڵییەوە پێی ئاشنا بووی و خووت پێ گرتووە و لەگەڵی گەورە بووی، چونکوو زۆر وردەکاری هەیە کە مرۆڤ هەرگیز بە گەورەیی پێی ئاشنا نابێت، بەتایبەت ئەگەر مرۆڤ زمانە نوێیەکەی تەنیا لە ڕێی کتێبخوێندنەوەوە فێر بووبێت.

٢. ئەگەر وەرگێڕانت بۆ زمانێکی بیانی کرد و هەرچەند شارەزاییشت لەو زمانەدا هەبێت، پێشنیارت پێ دەکەین بەبێ ئەملا و ئەولا، وەرگێڕانەکەت پێش لە بڵاوبوونەوە بدەیتە کەسێکی شارەزا کە بەو زمانە فرچکی گرتووە و پێی گەورە بووە، تا پێداچوونەوەیەک لەسەر وەرگێڕانەکەت بکات.




ئەگەر وردبینی هەبوایە ئەو هەڵەیە نەدەکەوتە سەر هەموو تابلۆکانی ناو شاری هەولێر، چونکوو کورتەی وشەی (street) بە ئینگلیزی نابێتە (Str.) بەڵکوو دەبێتە (St.).

زۆر گرنگە لە وەرگێڕان و نووسینی زمانی بێگانە وردبین بین.

* جاری وایە کەسێک زمانێک دەزانێ و بە بۆنەی ئەوەوە هەوڵ دەدات وەرگێڕان بۆ زمانێکی تریش کە لەوەوە نزیکە بکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک کە فارسی باش دەزانێ و بیەوێ دەقێک لە زمانی دەری بکاتە فارسی و تەنیا لەبەر ئەوەی کە فارسی و دەری زۆر لە یەک نزیکن دەست بکات بە وەرگێڕان دەتوانێ تووشی هەڵەی گەورە ببێت، چونکوو زۆر وشەی فارسی و دەری بە ڕواڵەت لە یەک دەچن بەڵام لە واتادا تەواو جیاوازن، بۆ نموونە وشەی (ماما، منزل، دریا، محصل، سرباز، ریزش و ...) لە هەر دوو زمانەکەدا هەن، بەڵام تەنیا شێوەیان لە یەک دەچێت و واتایان تەواو دوورە لە یەکتر (ماما = دایی، منزل = طبقه، دریا = رود، محصل = دانشجو، سرباز = دلیر، ریزش = سرماخوردگی).

* یان وشەی "قۆز" لە باشوور واتە جوان، جوانخاس، بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەمان وشەی "قۆز" لە ڕۆژهەڵات بە کەسێک دەوترێت کە لەخۆبایی و فیسزل بێت.

evinebook.blogfa.com

* وتەی "غەڵەتی کرد" لە باشووردا واتە "هەڵەی کرد"، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو وتەیە زۆر قورسە و جۆرێکە لە جنێودان.

* وشەی "لاق" لە ناوچەی مووکریان واتە "پێ، قاچ" و دەکرێت بۆ مرۆڤ بەکار ببرێت بەڵام لە لای خوارووی کوردستان وشەی "لاق" تەنیا بۆ ئاژەڵ بەکار دەبرێت و قەت ناکرێت بە مرۆڤێ بڵێیت "لاقت چۆنە؟"، چونکوو ئەگەر ئەوە بە کەسێک بڵێیت وەکوو ئەوەیە ئەو کەسە بە ئاژەڵ بناسیت.

* وشەی "ئەرێ" لە ڕۆژهەڵات زۆر ئاساییە و هەموو کەسێک بەکاری دەبات کەچی لە زۆر ناوچەی باشوور وەکوو سلێمانی ئەوە وشەیەکی نامۆیە و خەڵک ئەوە بەکار نابات و لە باتیی ئەوە دەڵێت: "بەڵێ، ئا".

وشەی "کرمانج" لە هەندێ ناوچەی کوردستان بۆ کەسێک بەکار دەبرێت کە بە "لادێیی، ناخوێندەوار" هەژمار بکرێت.

* وشەی "خاڵ" لە هەندێ ناوچەی کوردنشیندا واتە "برای دایک، خاڵۆ"، کەچی لە هەندێ شوێنی تردا واتە: "نیشانە، نوختە".

* وشەی "لووس" لە هەندێ ناوچەی کوردنشیندا واتە: "ساف، بێگەرد"، کەچی هەمان وشە لە ناوچەی تری کوردەواری بەکار ناچێت و زیاتر وەبیرخەرەوەی وشەی فارسیی "لوس"ە واتە: "بێتام، کەسێ کە خۆی سووک دەکات".

* وشەی "کەرەنتوو" کە ئامێرێکی درەوکردنی سادەیە، لە ناوچەی مووکریاندا بەکار ناچێت و خەڵک هەر ئەو وشەیە ناناسن و لە باتیی ئەوە وشە تورکییەکەی بۆ بەکار دەبەن: "مەڵەغان"

* دەستەواژەی "لە دەورت گەڕێم" لە ناوچەیەکی تردا پێی دەوترێت: "بە قوربانت بم".

* لە ناوچەی هەولێر پیتی "ڵ" دەبێت بە "ر" و زۆربەی ئەو وشانەی کە لە ناوچەکانی ترد "ل"یان تێدایە دەبن بە "ر": (ماڵ = مار، دووکەڵ = دووکەر)

* وشەی "سواربوون" لە ڕۆژهەڵات بۆ هەموو دۆخێک بەکار دەچێت بەڵام لە ناوچەیەکی وەک سلێمانیدا ناتوانی بڵێیت "کابرا سوار بوو." چونکوو ئەوە لەوێ زیاتر مانای "جووتبوون، نیشتنەکۆڵ" دەدات و بۆ ئەوە دەبێ بڵێی "کابرا سەر کەوت."

* له سلێمانی دەتوانرێ بە کەسێک بوترێت: "سەرکەوە!"، ئەگەر هەمان وشە لە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵات بە کەسێک بڵێی وەک ئەوەیە پێی بڵێی: "سەرشین"، چونکوو لە هەندێ ناوچە بە ڕەنگی "شین" دەڵێن "کەوە" و ئەوان پێیان وایە پێیان دەڵێی کە سەری ڕەنگی شینی هەیە. کەچی لە سلێمانی مەبەستیان ئەوەیە "سەر کەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە، کە لەولا پێی دەڵێن: "سواربە!" واتە وەرە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە.

کەوا بێت "سواربوون = سەرکەوتن"

* لە هەندێ ناوچەدا وشەی "خوا" واتە "خوێ"، کەچی لە شوێنی تردا واتە "خودا".

بۆیە گرنگە مرۆڤ زۆر زۆر وریا بێت و شارەزاییی تەواوی لەسەر زمانەکەی هەبێت و بزانێ وشەکان بۆ چ مەبەستێک بەکار هاتوون و واتایان چییە.

٣. متمانەت هەمیشە بە یەک وشەنامەی دووزمانە نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە لە زمانەکەماندا هەن، چونکوو لەوانەیە زۆر واتای تایبەتی و پسپۆڕیی وشەکانیان پشتگوێ خستبێت. هەوڵ بدە بۆ دڵنیایی چاو لە کۆمەڵێ وشەنامەی جۆربەجۆر بکەی بۆ دڵنیابوون لە واتای وشەیەکی پسپۆڕی.

٤. بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەیەکی دژوار، باشترین شت ئەوەیە کە هەوڵ بدەی لە وشەنامەی یەکزمانە بکۆڵیتەوە کە واتای وشەکانی تێدا شی کراوەتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە ئەو واتایەی کە لە وشەنامەیەکی تایبەتیدا نووسراوە بەڕاستی هەمان مەبەستی پێکاوە یان نا.

٥. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێ وشەنامەی پسپۆڕیی بوارە جۆربەجۆرەکان وەکوو ئایتی، فیزیا، کیمیا، گیانەوەرزانی، پزیشکی، ڕاگەیاندن و هتد هاتوونەتە ئاراوە، زۆر لەو وشانە لە فەرهەنگە گشتییەکاندا نین و پێویستە تا ئەو کاتەی کە فەرهەنگنووسەکانمان بەوانە وەکوو ملکی زمانی کوردی چاو لێ دەکەن و دەیانخەنە ناو وشەنامەکانیانەوە، وەرگێڕەکانمان ئاگاداری ئەوانە بن و هەوڵ بدەن کەڵک لەو فەرهەنگە پسپۆڕییانە وەرگرن.

بۆ نموونە وشەی وەک: "ماڵپەڕ، دڵخواز، پەڕگە، نووسە، دراوە، نەرمەواڵە، ڕەقەواڵە، ڕاژەخواز، وێنۆچکە، ئالوول، خۆکار، خۆپاتە، پاشبنەما و هتد" لەم سەردەمەدا ئیتر بەشێکن لە خەرمانی وشەی کوردی و دەبێ وەرگێڕەکانمان ئاگاداریان بن.

٦. ئەوڕۆکە بە هۆی تەکنیک و پێشکەوتنەوە کۆمەڵێ مەکۆ و سایت و پەڕەی فەیسبووک هەیە کە خەڵکانێکی زۆر لەوێدا بەشدارن و زۆریان شارەزای زمانی کوردین. ئەگەر بۆ وشەیەکی تایبەتی گیرت کرد، دەتوانی پرسیارەکەت لە یەکێک لەو شوێنانەدا بپرسی و زۆر جار بێوەڵام نامێنێتەوە، بەڵام لەبیریشت نەچێت لەوانەیە زۆر بۆچوونی واش ببینی کە لەسەر بنەمایەکی زمانەوانییانە دانەڕێژراوە، بەڵام زۆر جاریش کەسانی شارەزا بەباشی دەتوانن ڕێنوێنیت بکەن.

یەکێک لەو شوێنانە لە فەیسبووکدا پەڕەی "زمانی ستانداردی کوردی"یە کە زۆر جار وشەی کوردی لەوێدا تاووتوێ دەکرێت.

ئەگەر لە وەرگێڕانی ڕستەیەکدا دوودڵی، هەوڵ بدە یبدەیتە کەسێکی تر کە بۆ زمانە سەرچاوەکە وەری بگێڕێتەوە، بزانە ئایا دەچێتەوە سەر هەمان نووسینی پێش لە وەرگێڕان، یان بووە بە شتێکی تر.

٧. لە کۆڕێکدا پارێزەرێکی سویدی باسی گرنگیی وەرگێڕانی دەکرد و وتی جارێک دەقێکمان لە سویدییەوە داوەتە بنکەیەکی وەرگێڕان کە بیکەنە عەرەبی، پاشان هەمان دەقی بەعەرەبیکراومان داوەتە بنکەیەکی تری وەرگێڕان کە بیکەنەوە سویدی. پارێزەرەکە دەیویت ئێمە لە دەرەنجامی ئەو کارە زۆر حەپەساین، چونکوو ئەوەی کرابووەوە سویدی، زۆر جیاوازیی هەبوو لەو دەقە سویدییەی کە لە پێشدا دامانبوو بۆ وەرگێڕان. ئەمە نیشان دەدات کە دەق لە وەرگێڕاندا چۆن گۆڕانی بەسەر دێت.

جا ئەو نموونەیە دەمانخاتەوە بیری ئەو وەرگێڕانە پلە دوو، پلە سێ و تەنانەت پلە چوارانەی کە لە زمانانی ترەوە دوای چەند وەرگێڕان کراونەتە کوردی. بیر کەنەوە دەقێک کە بە فینلەندی نووسرابێت و پاشان کرابێتە ئینگلیزی و پاشان کرابێتە فارسی و پاش ئەو هەموو وەرگێڕانە کرابێتە کوردی، دەبێت چەندە گۆڕانی بەخۆیەوە بینیبێت!

٨. لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی دوورودرێژدا، هەوڵ بدە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە و وەرگێڕانی ئازاد خۆت بپارێزی، بەڵکوو وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە بکە، چونکوو ئەو کاتە نە وەرگێڕانێکی سەیر بەدەستەوە دەدەیت و نە پەیامێک دەقرتێنرێت. لەو دۆخەشدا دەبێ واتا وەربگێڕیتەوە، نەک وشە بە وشە.

٩. نەتەوەکانی خاوەن زمانی جۆربەجۆر، فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە و جاری وایە هەندێ دەستەواژە بە هیچ شێوەیەک ناتوانی وشە بە وشە وەربگێڕیتەوە و جاری وایە وەرگێڕانیان هیچ

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK

**واتایەک لە زمانێکی تردا نابەخشێت، بۆ نموونە ئەم ڕستانە دەکرێت وشە بە وشە بکرێنە فارسی، بەڵام ناتوانی وشە بە وشە بیانکەیتە سویدی، چونکوو بەو ڕیزبوونە بۆ ئەوان هیچ واتایەک نابەخشێت:**

**بەسەر چاو.**

**کڵاوی نا سەرم.**

**خوا قەزات.**

**لە دەورت گەڕێم.**

**١٠. بۆ وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا، تەنیا زانینی وشە بەو دوو زمانە بەس نییە، دەبێ هەستی وەرگێڕان لە گیانتدا هەبێت و بە ڕاهێنانی زیاتر خۆت زاناتر بکەیت. هەروەها دەبێ لە بواری ئەو بابەتەی وەرگێڕانی "لێ/ بۆ" دەکەی شارەزاییت هەبێت.**

**بۆ نموونە کەسێک کە خەریکی وەرگێڕان لە بواری نەخۆشەوانییە، دەبێت لانی کەم لە بنەماکانی ئەو زانستەدا شارەزاییی هەبێت و ئەگەر کەسێک وەرگێڕان بۆ فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەری دەکات، دەبێ ئاگاداری یاسا و ڕێساکانی بواری پەنابەری بێت، نەک بە تەنیا هەوڵ بدات وشەکان وەربگێڕێتەوە، واتە دەبێ شارەزای یاسای پەنابەری بێت.**

**١١. نەک وشە، بەڵکوو دەبێ هەست و نەستی زمانی سەرچاوەش بگوێزیتەوە بۆ خوێنەری زمانی مەبەست. بۆ نموونە (کوند، بایەقوش) لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت ئەفریقاش نوێنەری نەگریسی وماڵوێرانییە، بەڵام لە ئەورووپای نوێ ئەوە نوێنەری ئاوەز و ژیرییە. چونکوو لە یۆنانی ئانتیکدا کوند مەلی پیرۆزی خواژنی ژیری و ئاوەز (ئاتێنا) بوو. جا ئەگەر هۆنراوەیەک وەربگێڕیتەوە کە سەردێڕەکەی بە "بایەقوش" دیاری کرابێت، دەبێ بزانی لە کام فەرهەنگەوە بۆ کام فەرهەنگ وەرگێڕان دەکەی و ئایا هەمان هەست و نەست لای زمانی دووەم بەدی دەهێنی.**



**کوند نوێنەری ماڵوێرانی یان ژیری؟**

evinebook.blogfa.com

**١٢. یەکێک لەو یاسایانەی کە وەرگێڕێک دەبێ بەوردی شارەزاییی لێ هەبێت پێی دەوترێت "تایپۆلۆجیی زمان" یان (تایپۆلۆجیی زمانەوانی Linguistic typology).**

**هەر زمانێک وشەکانی لەناو ڕستەدا بەپێی ڕێسای تایبەت بەخۆی ڕیز بووە و سیستەمی ڕیزبوونی "بکەر subject، کار verb، بەرکار object"ی زمانەکان هەمیشە وەکوو یەک نین.**

subject–verb–object

subject–object–verb

verb–subject–object

verb–object–subject

object–subject–verb

object–verb–subject

**ڕستەیەکی ئینگلیزی وا ڕیز دەبێت:**

SVO

.we drink water

**ئەگەر بێت و ئەو ڕستەیە وەربگێڕینەوە و بەپێی سیستەمی (بکەر، کار، بەرکار SVO) ڕێکی بخەین دەبێ بڵێین: (من دەخۆمەوە ئاو.)، هەموومان دەزانین کە ئەوە هەڵەیە و کورد وا قسە ناکات بەڵکوو سیستەمی تایپۆلۆجیی زمانی کوردی (بکەر، بەرکار، کار SOV)ە و بەپێی ئەوە دەبێ بڵێین: (من ئاو دەخۆمەوە.)**

**ئەوڕۆکە زۆر جار دەقی وەرگێڕدراو دەبینین کە بەداخەوە زۆر زوو دەردەکەوێت کە وەرگێڕەکەی هەر ناوی سیستەمی تایپۆلۆجیی زمانەوانیی نەبیستووە و ڕستەسازیی زمانی بێگانە بە زۆر دەسەپێنێ بەسەر زمانی کوردیدا.**

**کەوا بێت، لە کاتی وەرگێڕاندا، ڕستەسازیی زمانی مەبەست لەبەر چاو بگرە و بایەخ بەوە بدە و ڕستەسازیی زمانی سەرچاوە مەسەپێنە بەسەر زمانی مەبەستدا.**

**١٣. زۆر جار بەئاسانی دەتوانین بکەوینە ژێر کاریگەریی زمانێکی بێگانەوە:**




**ئەو دەقە کوردییە ڕێک وشە بە وشە بەپێی تایپۆلۆجیی زمانی عەرەبی کراوەتە کوردی کە تێکدانی تایپۆلۆجیی کوردییە، دروستەکەی ئاوایە: کۆمەڵگای پزیشکیی خێرخوازیی زەهرا**

**ئێمە دەتوانین بڵێین: کۆمەڵگا پزیشکییە خێرخوازییەکەی زەهرا، بەڵام ناتوانین بڵێین: کۆمەڵگا زەهرا پزیشکییە خێرخوازییەکە، کەوا بێت ناشکرێ بڵێین کۆمەڵگای زەهرای پزیشکی خێرخوازی.**

**١٤. کورد لە کۆنەوە بە پاشگری (...انە) وشەی نوێی داڕشتووە، بۆ نموونە، پیاو + انە = پیاوانە**

**پیاوانە واتە ئەو شت/شتانەی کە تایبەت بە پیاو بن، وەک جل، کار، قسە، بەڵێن، حەمام و هتد.**

**دەشتوانێ بۆ هەر کەسێکی تر بێت وەک: ژنانە، کوڕانە، کچانە، منداڵانە، گەنجانە، پیرانە، و هتد.**

**قسەیەکی پیاوانەی کرد.**

**کارێکی منداڵانەی کرد.**

**جلی ژنانەی کوردی زۆر جوانە.**

**دەتوانین ئەوڕۆکەش لەسەر هەمان پێوەر وشە نوێیەکانمان ساز بکەین وەکوو:**

**قوتابخانەی کوڕانە، قوتابخانەی کچانە**

**واتە قوتابخانەیەک کە تایبەتە بە کوڕان، قوتابخانەیەک کە تایبەتە بە کچان.**

**لە فارسیشدا (کە سیستەمی تایپۆلۆجییەکەی وەک کوردییە) دەوترێت: مدرسە پسرانە، مدرسە دخترانە.**

**جا ئەگەر ئەو قوتابخانە کوڕانە یان کچانە ناوێکیشی هەبێت ناوەکە پاش ئەو دوو وشەیە دەنووسین، بۆ نموونە:**

قوتابخانەی کوڕانەی قانع، واتە قوتابخانەکە کوڕانەیە و تایبەتە بە کوڕان و ناویشی "قانع"ە، ناکرێ بنووسین: قوتابخانەی قانعی کوڕان، ئەوە وەکوو ئەوەیە کە بڵێین قوتابخانەکە قانعە و هی کوڕانە، یان قوتابخانەکە هی قانعە و قانعیش هی کوڕانە، بۆیە دەبێت بنووسین: قوتابخانەی کوڕانەی قانع.

جا لەبەر ئەوە هەموو ئەم تابلۆیانە کە بەپێی تایپۆلۆجیی عەرەبی وەرگێڕدراونەتەوە یان نووسراون، دەبێت بەزوویی بگۆڕدرێن:




ئامادەیی کوڕانەی شۆڕش




قوتابخانەی بنەڕەتیی کوڕانەی "کامل بصیر"



قوتابخانەی سەرەتایی تێکەڵاوی "قەدەمخێر"

kurdishebook.com
@KURDISHeBOOK




قوتابخانەی بنەڕەتیی تێکەڵاوی "زەڵم"




سەنتەری نێودەڵەتیی کوردستان / ناوەندی نێودەوڵەتیی کوردستان




سەنتەری پزیشکیی میدیا / ناوەندی پزیشکیی میدیا

نموونەیەکی تری هەڵە و داسەپاندنی تایپۆلۆجیی عەرەبی ئەوەیە کە بۆ نموونە دەڵێن:

شوێنی کاروان بۆ فرۆشتنی کۆمپیوتەر.


کە هەڵەیە و دەبێ بوترێت: کۆمپیوتەرفرۆشیی کاروان




فرۆشگەی جلوبەرگی پیاوانە

evinebook.blogfa.com

جاری وایە وەرگێڕانێکی سەیروسەمەرە دەبینی کە زیاتر لە دارمیوەی متوربەکراو دەچێت بە وشەی کوردی و عەرەبی:




١٥. جاری وایە وەرگێڕ لە نێوان دوو زماندا گیر دەکات کە وشەدانەکانیان وەکوو یەک نین، بۆیە لەوێ دەبێ زیرەک بێت و شارەزای زانستی زاراوەزانی بێت، ڕەنگە لە هەندێ شوێندا ناچار بێت کاری وشەسازی بکات، بۆیە وەرگێڕێک دەبێ بۆ نموونە بزانێ کە یاسا و ڕێساکانی وشەسازی چین و دەبێ بەوردی لێیان تێ بگات و بزانێ کەی و لە کوێدا کامیان بکاتە بنەما بۆ وشەسازی:

| word–formation | وشەسازی |
|---|---|
| Affixation | 1. بە یارمەتیی گیرەک |
| Back Formation | 2. پاشسازی |
| Blending | 3. تێکەڵکردن |
| Clipping | 4. کورتکردنەوە |
| Compounding | 5. لێکدان |
| Conversion | 6. گۆڕین |
| Derivation | 7. داڕشتن |
| Loan Translation (Calque) | . قەرزەوەرگێڕان |
| Loanword | ٩. قەرزەوشە |
| Neologism | ١٠. نوێوشەخوازی |
| complex word | 11. وشەی ئاڵۆز |

١٦. هەر کاتێ لە زمانێکی دووەمی وەکوو عەرەبی، دەقێکی بە بنەڕەت ئینگلیزی دەکەیتە کوردی دەبێ هەوڵ بدەیت کە ناوەکان وەکوو عەرەبی نەنووسیتەوە، چونکوو ئەوان پیتیان بۆ هەندێ دەنگ نییە و وشەکان بە شێوەیەکی تر دەنووسنەوە، بەڵام ئێمە بەرانبەریان پیتمان هەیە و دەبێ هەوڵ بدەیت کە ناوەکان لە بنەڕەتدا بدۆزیتەوە و بەپێی توانای زمانی کوردی بییاننووسیتەوە، بۆ نموونە:

لە عەرەبیدا (ڕیچارد) بە (ریتشارد) دەنووسنەوە و نابێ فریوی نووسین بە عەرەبی بخۆین. هەروەها:

(ئەرشیف/ آرشیو) بە (ئەرشیڤ) دەبێ بنووسرێت و (بانق) بە (بانک)، (صین) بە (چین)، (یابان) بە (ژاپۆن)، (غوستاف) بە (گوستاڤ)، (مارغاریتا) بە (مارگاریتا)، (غابرییل غارسیا) بە (گابریەل گارسیا)، (غاندی) بە (گاندی) بنووسرێنەوە.

سەدان ناوی تر هەن کە لە فارسی و بەتایبەت لە عەرەبیدا نووسینەوەیان گۆڕانیان بەسەر هاتووە و دەبێ هەوڵ بدەین بە ڕێنووسی کوردی بیاننووسینەوە.

**دەرەنجام**

وەرگێڕان ئەرکێکی گرنگە و مرۆڤ دەبێ هەستی دەروونیی تایبەتیی بۆی هەبێت، بەڵام دەتوانێ تواناییەکەی بە ڕاهێنان و سەرنجدانی یاسا و ڕێساکان بەهێزتر بکات. ئەوڕۆکە زۆر لە تابلۆکانی هەندێک لە شارەکان بەپێی تایپۆلۆجیی زمانی عەرەبی کراونەتە کوردی یان نووسراون، پێویستە زمانی کوردی بکەینە پێوانە بۆ نووسینەکان و وەرگێڕانەکانمان، دەبێ هەموو ئەو هەڵانەی کە لە شوێنە گشتییەکاندان بەزووترین کات چاک بکرێنەوە، چونکوو ئەوانە دەبنە هۆی سەرلێشێواندن و فێرکردنی هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان و تایپۆلۆجیی کوردی بە خەڵکی ئاسایی.